# ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی کۆنگرەی نۆهەمی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)

بەمجۆرە رادەگەیەنین کە کۆنگرەی ۹ی کۆمەڵە لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ۱۳۷۹ ڕێکەوتی مانگی ئووتی ساڵی ۲۰۰۰ بەڕێوە چوو. لەم کۆنگرەیەدا بێجگە لە نوێنەرانی تەشکیلاتی عەلەنی و تەشکیلاتی نهێنی کۆمەڵە، ژمارەیەك لە نوێنەرانی ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی وڵاتیش بەشداریان کرد.

کۆنگرە کاری خۆی بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ و راگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردوانی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی و مەیدانەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان دەست پێ کرد.

کۆنگرە هەر لە سەرەتای کارەوە لەگەڵ بەشداری‌نەکردنی ژمارەیەك لە نوێنەرانی کۆنگرە بەرەوڕوو بوو، کە دواتر دەرکەوت بەداخەوە نەخشەی دابڕانیان لە کۆمەڵە بەرنامەڕێژی کردوە. سەرەڕای ئەم کارشکێنی‌یە سەرەتایی‌یە، کۆنگرەی نۆهەم توانی رەوابوونی خۆی لەباری ئەساسنامەیی‌یەوە دابین بکا و کاری ئاسایی خۆی دەست پێ بکات.

کۆنگرە سەرەتا گوزارشی سیاسی و گوزارشی تەشکیلاتی کومیتەی ناوەندی دایە بەر باس و لێکۆڵینەوە و بەشداربووانی کۆنگرە پرسیارەکانی خۆیان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی هەڵسووڕاوانی کۆمەڵەدا رووبەڕووی کومیتەی ناوەندی کرد و وەڵامیان وەرگرتەوە.

دوای باس و لێکۆڵینەوەی پێویست و بیستنی را و بۆچوونی بەشداربووان، لە کۆتایی کاری کۆنگرەدا گوزارشی سیاسی پەسەند کرا و بڕیار درا کە کومیتەی ناوەندی بۆ ئاگاداربوونی هەمووان بڵاوی بکاتەوە. کۆنگرە پاش وەرگرتنی گوزارشی کومیتەی ناوەندی، ئەو خاڵانەی خوارەوەی لە دەستووری کاری خۆی دانا:

١- لێکدانەوەی بارودۆخی سیاسی ئێستای ئێران.

٢- بارودۆخی سیاسی لە کوردستان، سیاسەت و ئەولەوییەتەکانی ئێمە.

٣- گیر و گرفتە تەشکیلاتی‌یەکانی ئەم دەورەیە و ڕێگا چارەکان.

٤- قەرار و بڕیارنامەکانی پێشنیارکراو.

٥- هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە.

لە بابەت بارودۆخی سیاسی ئێستای ئێران، باسەکانی کۆنگرە چوە سەر ئاڵ وگۆڕەکانی ئەم ساڵانەی دوایی لە هەل ومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێراندا. لە هەڵسەنگاندن و باسەکانی نوێنەرانی کۆنگرەدا تەئکید لەسەر ئەم راستی‌یە کرا کە خەباتی سیاسی و جەماوەری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخوازی ئێران تەنگی بە رژیمی ئیسلامی هەڵچنیوە و هاوسەنگی هێز بە قازانجی بەرەی ئازادی و بەرابەری و بە دژی ئیستبدادی ئیسلامی گۆڕانی بەسەردا هاتوە و رژیمی ئیسلامی ئیتر ناتوانێ بەشێوەی رابردوو درێژە بە دەسەڵاتداریەتی خۆی بدات. لە وەها

هەل ومەرجیکدایە کە بەشیك لە بورژوازی ئیران لە رواڵەتی باڵی خاتەمی و بەرەی ناسراو بە دووی خورداددا هەوڵ دەدا: کە یەکەم، بە کۆنترۆڵ و بەلاڕێدابردنی نارەزایەتی‌یەکانی خەلك بەری سەرهەڵدانی راپەرینیکی جەماوەری لە دژی رژیمی ئیسلامی بگرێ و دووهەم، سەرمایەداری ئیران لە قەیرانی ئابووری ئیستا بینیتە دەرێ و هەل ومەرجی پیویست بۆ گرێدانی هەرچی زیاتری ئەو بە بازارە جیهانی‌یەکان، پیك بینێ. ئەم باڵە تیدەکۆشێ بزووتنەوەی جەماوەری بکاتە پاڵ پشت بۆ گەیشتن بە مەبەستی دژی شۆرشی خۆی و لەم ریگایەدا هاوکاری و هاوئاهەنگی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی رژیم لە ئیران و پشتیوانی مادی و تەبلیغاتی هیزە ئەمپریالیستەکان و کۆر و کۆمەڵە نیونەتەوەیی‌یەکانی سەرمایەی جیهانیشی لە پشتە.

بە هەموو ئەمانەوە رەوتی رووداوەکان و راستی‌یە عەینی‌یەکان نیشان دەدەن کە کۆماری ئیسلامی ئیتر هەرگیز ناتوانێ بگەریتەوە سەر دۆخی جارانی خۆی و هەر دوو باڵەکەی رژیم بۆ نەجاتی حکوومەتی ئیسلامی لەو قەیرانەی ئیستای‌دا، بێ‌توانان. ئەرکی ئیمە ئەوەیە کە هەموو توانایی‌یەکانی خۆمان بۆ خیراترکردنەوەی رەوتی پاك کردنەوەی کۆمەڵگای ئیران لە حکوومەتی ئیسلامی، کۆ بکەینەوە و بیخەینە گەر.

لەبابەت بارودۆخی سیاسی کوردستان باسەکانی کۆنگرە چوە سەر لێکۆڵینەوە لە هەل ومەرجی لە حاڵی گۆڕانی ئێستا و پێویستی خستنە کاری لێهاتوانەی هەموو هێز و ئیمکاناتێك بۆ ناچارکردنی رژیم بە پاشەکشە لە هەموو بوارەکاندا و کردنی کۆمەڵە بەهێزی رێکخەر و رابەری بەرەی ئازادی و بەرابەری و ئاڵاهەڵگری بەدیلی سوسیالیستی لە کوردستان.

سیاسەتی ئێمە لەسەرکاری رێکخراوەیی لەم دەورەیەدا، مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران، خەباتی چەکداری، پەیوەندی لەگەڵ حیزبە سیاسی‌یەکان، پەرەپێدانی هەڵسووڕانی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات لەو مەسەلانە بوون کە کۆنگرە باسی لەسەر کردن و سیاسەتە گشتی‌یەکانی ئێمەی لە هەموو ئەو بابەتانەوە دیاری کرد و قەرار و بڕیارنامەی پێویستی بۆ پەسەند کردن.

لەسەر گیروگرفتە تەشکیلاتی‌یەکانی ئەم دەورەیە، کۆنگرە باسە سیاسی و تەشکیلاتی‌یەکانی مانگەکانی رابردووی لە ریزەکانی حیزبدا دایە بەر لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و رێگاکانی موبارزەی سیاسی و ئوسووڵی نێوخۆی تەشکیلاتی خستەوە روو. کۆنگرە تەئکیدی کرد کە هیچ چەشنە مەحدوودییەتێکی تەشکیلاتی بۆ بڵاوکردنەوەی را و بۆچوونی جیاواز چ لە نێو خۆ و چ لە دەرەوە وجوودی نیە و هەنگاوەکان و تەرحی تەشکیلاتی پێویستی بۆ زەمانەت کردنی مافی کەمایەتی لە ناو رێکخراودا لە، هەموو زەمینەکاندا پەسەند کرد. قەرار و بڕیارنامەکانی پەسەندکراو لەم بابەتەوە بە زوویی بۆ ئاگاداری هەمووان بڵاو دەکرێتەوە.

کۆنگرەی ٩ی کۆمەڵە هەڵوێست و کردەوەی ژمارەیەك لە نوێنەرانی، کە لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەدا بەشداریان نەکرد، بە ناڕەوا زانی. سەرەڕای ئەوە کە کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتانە کاری کۆنگرەی بۆ ماوەی هەفتەیەك دواخست، کۆنگرەش چەند جار و هەرجارەی بۆ ماوەی چەند رۆژ کۆبوونەوەکانی خۆی هەر بۆ ئەم

مەبەستە راگرت و هەیئەتێکی بۆ پەیوەندیگرتن و وت وویژ لەگەڵ ئەم هاورێیانە دیاری کرد. هەروەها لە ماوەی ڕۆژەکانی کۆنگرەدا ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسووڕاوانی حیزبی، خەباتگێڕانی چەپ و سوسیالیست و لایەنگرانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان هەوڵیان دا کە ئەم کەسانە لە هەڵوێستی ئینشەعابگەرایانەیان پاشگەز کەنەوە؛ تەواوی ئەم هەوڵانە بەداخەوە لە ئاکامی پێداگرتنی ئەوان لەسەر داواکارییە غەیرە ئوسووڵی و غەیرە مەنتقییەکانیان ناکام مایەوە.

لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو نووسراوانەی کە ئەم هاورێیانە لەژێر ناوی "کۆنفرانسی بازسازی کۆمەڵە" لەم ڕۆژانەدا بڵاویان کردۆتەوە، کۆنگرە ئەم حەرەکەتەی ئەوانی بە ناڕەوا و کەڵك وەرگرتنی ناشەرعی لەناوی کۆمەڵە و لە جێگا و شوێنی سیاسی ئەم تەشکیلاتە لە نێو خەڵکی کوردستاندا زانی و ناوەرۆکی ڕاستەقینەی ئەم نووسراوانە بە سەرەتایەك بۆ هەڵگەڕانەوە لە هەڵوێستی رادیکاڵ و سوسیالیستی، کە جەوهەری ئەساسی هەڵسووڕانی تا ئێستای کۆمەڵە بوە، هەڵسەنگاند.

کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە بە ڕێزگرتنی لە یادی گیانبەختکردوانی ریزەکانی کۆمەڵە، خانەوادەی ئەم ئازیزانەی بە راگرتن و بەهێزکردنی پەیوەندییە سیاسی و عاتفییەکانی خۆیان لەگەڵ هاورێیانی کۆمەڵە کە ڕێرەوانی وەفاداری ئەم ئازیزانەن، بانگەواز کرد.کۆنگرەی هەروەها سڵاو وڕێزی خۆی پێشکەشی ئەو خەباتکارە کۆمۆنیستانە کرد کە لە سیاچاڵەکانی رژیمدا لە بیر و باوەڕ و ئارەزووەکانی ئینسانی زەحمەتکێش دیفاع دەکەن.

کۆنگرە لە ئاخرین بەشی کاری خۆیدا ۲۵ کەس لە کادرەکانی کۆمەڵەی وەك ئەندامی ئەسڵی کومیتەی ناوەندی و دوو کەسی وەك ئەندامی جێگر هەڵبژارد. ناوی ئەو کەسانە کە هەڵبژێردران بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- ساعدی وەتەندووست ٢- محەممەد ئەمینی حسامی ٣- سەلاحی مازوجی ٤- ئیبراهیمی عەلیزادە ٥- محەممەدی کەماڵی ٦- حەسەنی شەمسی ٧- ئیبراهیمی محەممەدی (ئیبراهیمی مینەشەم) ٨- محەممەدی نەبەوی ٩- مەحموودی کەهریایی ١٠- فەرهادی شەعبانی ١١- بارزانی حەسەنپوور ١٢- رەحیمی عەزیزپوور ١٣- فەرەیدوونی دارایی ١٤- رەئوفی پەرەستار ١٥- ئەدیبی وەتەندووست ١٦- غولامی محەممەدی ١٧- عوسمانی رەمەزانی ١٨- رەشیدی شوکررەزاقی ١٩- عەباسی مەسعوودی ٢٠- موزەفەری پاکسرشت ٢١- جەعفەری ئەمینزادە ٢٢- هەڵمەتی ئەحمەدیان ٢٣- محەممەدی قادری ٢٤- حەسەنی رەحمانپەنا ٢٥- رەحمانی نەجات.

هاورێیانی عەلی‌البەدەل بریتین لە: ١- مستەفا محمدی ٢- کەریمی ئەحمەدی

بەمجۆرە کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەلە دوای ٧رۆژ کار لە کۆبوونەوەیەکی کۆتاییدا کە چەند واحید لە هاورێیانی پیشمەرگە و هاورێیانی بەریوەبەری کاری فەننی و عەمەلی کۆنگرەش تییدا بەشدار بوون، رسمەن کۆتایی پێهات.

**کومیتەی ناوەندی کۆمەلە**

**٢ی خەرمانانی ١٣٧٩ ریکەوتی ٢٣ی ئووتی ٢٠٠٠**